# هاوڵاتی

Hawlati — A Private General Political Weekly Issued by Ranj Print — Hawlati

Tel: Sul - 3132912   Hawler - 2293269   www.hawlati.com

No. (144) Wednesday, Oct. 8th 2003

هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتیی ئەهلیە چاپخانەی ڕەنج دەریدەکات

ژمارە (144) چوارشەممە


## 250 هەزار کورد لە دیمەشق مان دەگرن

**سەرچاوەکانی هەواڵ:** لە پارێزگای (حسکە)ی سوریا ڕۆژی (10/2) زیاتر لە (250) هەزار هاوڵاتی کورد لەبەردەم بینای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەستیان بە مانگرتن کرد، بەبۆنەی یادی ئاماری ساڵی 1962ی سوریاوە.

لەم ئامارەدا هەزارەها هاوڵاتی کورد لە ڕەگەزنامەی سوری هەڵواردە کراون‌و لە مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان بێ بەش کراون. ئەم مانگرتنە کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەڕێوە چوو لە کۆتاییەکەیدا نوێنەری مانگرتووەکان یاداشتێکیان دایە نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران‌و تێیدا داوای گێڕانەوەی مافەکانیان دەکەن.

## مستەفا چاوڕەش:
# جگە لە دوو نامە گەر جاسوسێتیم کردبێت هەقە ئیعدام کرێم
# یەکێتی خاوەن فایلەکان لەسەر کار لادەبات


مستەفا چاوڕەش

**پ. سلیمانی:** لە دوا پەرەسەندنی کێشەی بەرپرسە خاوەن فایلەکان، دەنگ‌و باسانەی کە لەناو خەڵکدا بڵاوە خاوەن فایلەکان ژمارەیەک ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیاری لەسەر کار لابردنی سەرجەم ئەو کادیرو بەرپرسانەی دەرکردووە کە فایلیان لە دەزگا جۆربەجۆرەکانی بەعسدا هەیەو تا ئێستا پۆستی حیزبی‌و حکومی گرنگیان بەدەستەوە بووە.

بەپێی ئەو زانیاری‌و سەرکردایەتی‌و ئەندام پەرلەمان‌و نوێنەری یەکێتی لە دەرەوەی وڵات دەگرێتەوە.

مستەفا چاوڕەش کە یەکێکە لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی‌و مێژوویەکی دووری لەگەڵ شۆڕشدا هەیە، یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە ناوی لەناو فایلەکاندا هاتووە.

لەم بارەیەوە مستەفا چاوڕەش لە نامەیەکی کراوەدا کە بۆ خەڵکی کوردستانی نووسیوەو ئاڕاستەی (هاوڵاتی) کردووە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنها دوو نامەی بۆ دەزگاکانی ڕژێمی بەعس ناردووەو دەربارەی ئەو زانیاریانەی کە داویەتی بە ڕژێم دەڵێت: "ئەگەر جاسوسێتیم کردبێت‌و نهێنی شۆڕش‌و ڕێکخستنم فرۆشتبێت هەقە ئیعدام بکرێم.. ئەگەر دوژمن مەعاشی بۆ بڕیومەتەوەو لە فلسێکەوە بۆ هەزاران دینارو دۆلارم وەرگرتبێت هەقە لەناوم بەرن".

**لە لاپەڕە (3)دا دەقی نامەکە بخوێنەرەوە.**

## فەرەیدون عەبدولقادر
## وەزیری ناوخۆ داوای دەست لەکار کیشانەوە دەکات

**تایبەت بە هاوڵاتی:** بەپێی هەندێك زانیاری کە دەست (هاوڵاتی) کەوتووە لە سەرەتای ئەم مانگەوە فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان وەزیری ناوخۆ لە حکومەتی هەریم (سلیمانی) لە نامەیەکدا داوای لە سەرکردایەتییەکەی خۆی کردووە کە دەست لەکار کیشانەوەی لە پۆستی وەزارەت لی قبول بکەن.

جیگای ئاماژە بۆ کردنە لەم دواییەدا (د. بەرهەم ئەحمەد) سەرۆکی حکومەتی هەرێم (سلێمانی) چووە دەرەوەی هەرێم، لەجیاتی (فەرەیدون عەبدولقادر) هەریەك لە (نەرمین عوسمان)و (شێردڵ حەوێزی) پۆستی وەکیلی سەرۆك وەزیرانیان پێ سپێردراوە.

## ئایا ئەبو حیکمەت‌و پارتی کاری سەربەخۆیی فایلیان هەیە؟


جمهورية العراق
رئاسة الجمهورية
السكرتير
« سري للغاية وشخصي »
العدد/ ٨٦٤/٩٧/٤/١٧٦/ل
التاريخ ٢٨/ربيع الثاني/١٤١٨هـ
٣١/ آب / ١٩٩٧م
السيد مدير جهاز المخابرات المحترم
م/ حزب العمل المستقل الكردستاني
تقرر بشأن كتابكم ذي العدد ١٤٠٠/٣/٣/١١٢٣ في ١٤/٨/١٩٩٧ ما يأتي :
١. استمرار متابعة الصلة والحوار مع الحزب المذكور ضمن التوجه العام للقيادة .
٢. تجميع المعلومات عن الحزب لمعرفة حقيقة حجمه وتأثيره .
٣. تقييم الحالة بعد فترة لغرض دراسة تقديم العون له في ضوء ذلك .
للتفضل بإتخاذ ما يقتضي... مع التقدير .
اللواء
عبد حميد المحمود
سكرتير رئيس الجمهورية
١٩٩٧/٨/٣١

**پ. سلیمانی:** پاش ئەوەی کە لە ژمارەی پیشووی (هاوڵاتی)دا هەواڵی دەست تیکەلکردنی ئەبو حیکمەتی سکرتیری پارتی کاری سەربەخۆیی پیشوو مەکتەب سیاسییەکەی لەگەل موخابەراتی عیراقدا وەك هەوال بڵاوکرایەوە، هەندیك لەکادیری ئەو حیزبە کەوتنە ڕەخنەو گازندەکردن کە گوایە (هاوڵاتی) بێ بەلگە ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە, هاوکات جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پارتی کار فایلی موخابەراتی نییەو (هاوڵاتی) ناهەقییان پی دەکات.

جیگای ئاماژە بۆ کردنە ئەبو حیکمەت‌و چەند کادیریکی پارتی کاری سەربەخۆیی پیشوو مەلەفیکی (130) لاپەرەییان لەگەل موخابەراتی ڕژیمی عیراقدا هەیەو ئەم پەیوەندییە گەیشتووەتە سەددام حسینی دیکتاتۆرو خۆی ئاگاداری ئەم پەیوەندییە بووە.

هەروەها هەردوولا چەندین دیداریان کردووەو هاوکات داوای کۆمەکیشیان لە حیزبی بەعس کردووە.

شایانی باسە لەو بەلگەنامانەدا باس لەپەیوەندی نێوان پارتی کارو حکومەتی ئیسرائیلیش کراوە.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە ماوەیەکە ئەو حیزبە هەڵوەشاوەتەوەو هەندێکیان حیزبێکی نوێیان دروستکردووەو بەشێکیشیان گەڕاونەتەوە ناو حیزبی شیوعی.

**لەلاپەرە (2)دا ئەو بەڵگەنامەیە بخوێنەرەوە.**

## لایەنە سیاسیەکانی ئیران بەرەی کوردستانی دروست دەکەن

**پ. هاوڵاتی:** هەردوو هیزی سیاسی کوردستانی ئیران، حیزبی دیموکرات‌و کۆمەلە سەرقالی پیکهینانی بەرەیەکی کوردستانین. سەرەتا ئەم دوو لایەنە هەریەك لەلای خۆیەوە گەلالە نامەیەکیان ئامادەکردووە، پاش زنجیرەیەك کۆبوونەوە ئیستا لیژنەیەکی هاوبەش بۆ دارشتنی گەلالە نامەیەکی هاوبەش پیکهینراوەو وا بریارە بەم زووانە کۆمیتەی ناوەندی هەردوولا دوابریاری لەسەر بدەن.

پیشبینی دەکریت ئەم بەرەیە لایەنە کوردستانییەکانی ترو کەسایەتییە سیاسییەکان بگریتەوەو لەریی گفتوگۆو دیالۆگەوە دوا گەلالە نامە ئامادە بکریت.

(ئەنوەر محەمەد) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلەو ئەندامی بەشی پەیوەندییەکان بە (هاوڵاتی) ڕاگەیاند کە (دروشمی ناوەندی ئەم بەرەیە روخاندنی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران‌و دامەزراندنی سیستمیکی فیدرالی دەبیت بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئیران).

## پارلەمانی تورکیا بڕیار لەسەر ناردنی سوپا بۆ عیڕاق دەدات

**سەرچاوەکانی هەواڵ:** ئیوارەی (10/7) پارلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ حکومەتی تورکیای سەرپشك کرد لە ناردنی هیزی سەربازی بۆ ناو خاکی عیراق.

ئەم بریارەی پەرلەمانی تورکیا لە کاتیکدا دیت کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم لە عیراق دژ بە هاتنەناوەوەی سوپای تورکیان لەسەر ئاستی جەماوەریش بەتایبەت لە کوردستان نارەزایی‌و بیزارییەکی زۆر لەسەر هاتنەناوەوەی سوپای تورك لە ئارادایە.

وا بریارە ئەمرۆ (10/8) ئەنجومەنی حوکم ئەو مەسەلەیە لەگەل (پۆل بریمەر)ی حاکمی مەدەنی ئەمەریکا تاوتوی بکات‌و دوا هەلویست‌و بریاری خۆی لەو بارەیەوە رابگەیەنیت.

## پارتی بەرپرسێکی خۆی تەسلیم بە دادگا دەکات

**پ. دهۆك:** پاش ئەوەی لە ئەنجامی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێلدا لەناو شاری (دهۆك) بەرپرسێکی پارتی بەناوی (جەعفەر ئێمینیکی) بە دەمانچە هاوڵاتی (هێرش مەرعی) کوشت، بە فەرمانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم بەرپرسە لەسەر کار لابراو تەسلیم بە دادگای دهۆك کرا. شایانی باسە ئەم ڕووداوە شەوی (9/19) لەناو شاری (دهۆك)دا ڕوویداوەو پاش پێکدادانی هەردوو ئۆتۆمبێلەکە (جەعفەر ئێمینیکی) جێگری بەرپرسی لقی یەکی پارتی، دەمانچەی دەرهێناوەو ئەم لاوە بێ چەکەی کوشتوە، ڕووداوەکەش بوو بە مایەی خولقاندنی کێشەو گرژی لەنێوان بنەماڵەی هەردوولادا.

## دوو کاری ئاژاوەگیری لەکەرکوك

### هیرش دەکریتە سەر پۆلیس

**پ. کەرکوك:** شەوی 10/4 چەندە چەکداریکی نەناسراو هیرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیسی (مقدادیە) کە دەکەویتە سەر ریگای (کەرکوك ـــ بەغدا) هیرشبەران لەم کارەیاندا چەند گوللەئارپیجییەکیان بەکارهیناوەو لە ئەنجامدا پۆلیسیك کوژرا.

### هیرش دەکریتە سەر بارەگای ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی

شەوی (10/6) لە گەرەکی تسعینی نوی چەند چەکداریکی نەناسراو هیرشیان کردە سەر بارەگای ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عیراق‌و لە ئەنجامدا بەرپرسیکی سیاسی بارەگاکە کوژرا.

## لەهەولێر
## چەند هاوڵاتییەك ڕێپێوان دەکەن

**پ. هەولێر:** زیاتر لە (200) هاوڵاتی نیشتەجێی گەڕەکی سەر شەقامی (100) مەتری بادادوە، ڕۆژی 2003/10/7 ڕێپێوانێکیان سازدا بۆ بەردەم پارێزگاری هەولێر لەوێوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەو مەبەستەی کە خانوەکانیان لە ساڵانی هەفتاکانەوە بە ژمارە کراوەو ئاوو کارەبایان بۆ دابینکراوەو لە هەڵبژاردنی شارەوانی ساڵی 2002 لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەڵێنیان پێدراوە بۆیان تاپۆ بکەن، کەچی ئێستا نەخشەکەیان گۆڕدراوەو لەلایەن شارەوانی‌و پارێزگاری هەولێرەوە ئاگادار کراونەتەوە چۆڵی بکەن.

## لە تاوانیکی درندانەدا لە شاری موسل
## ژن‌و میردیکی کورد سەربڕران

**پ. دهۆك:** کاتژمیر 8.5ی شەوی 10/1 لە گەرەکی (عەدەن)ی شاری موسل هاوڵاتیەکی کورد بەناوی (سەلیم عوبید محەمەد) تەمەن (62)ساڵ‌و خیزانەکەی (غوربەت عەلی عەبدوللا) تەمەن (53)سال لەلایەن چەند کەسیکی دزو تاوانبارەوە پاش ئەوەی تەقەیان لیدەکەن دەچنە ناو مالەکەیان‌و بە چەقۆ سەریان دەبرن‌و هەموو پارەو ئالتوونی مالەکەیان دەبەن.

دەربارەی ئەم ڕووداوە هاوڵاتی (کەمال گۆران) کە کەس‌وکاری قوربانییەکانە بە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) ڕاگەیاند: "ڕووداوەکە لەنیوان کاتژمیر 8 تا 9ی شەو ڕوویداوەو تاوانباران چل چەقۆیان لە سەلیم عوبید داوەو 60یش لە غوربەت، پاشان پۆلیس دیتە شوینی ڕووداوەکەو وینەی تاوانەکەی گرت‌و ئیستا سەرقالی لیکۆلینەوەن". شایانی باسە ئەم دوو قوربانیە سەر بە گوندی (بامەرزی)ی قەزای (ئاکری)ن‌و کیشەیان لەگەل کەسدا نەبووە.

## هیزەکانی ئەمەریکا ئاڵای کوردستان لە قەرەتەپە دادەگرن

**پ. گەرمیان:** قەرەتەپە کە شارۆچکەیەکە دەکەویتە باشوری شاری کفرییەوەو لەگەل روخانی رژیمدا ئازادکراوە، دوو رۆژ لەمەوبەر هیزەکانی ئەمەریکا ئاڵای کوردستانیان لەو شارۆچکەیە داگرت.

لەو دەمەوەی ئەم شارە ئازادکراوە حکومەتی هەریم (سلیمانی) دام‌و دەزگای ئیداری‌و حکومی لەو ناوە داناوە، بەلام ماوەیەکە ئەمەریکییەکان دەیانەویت دەزگای پۆلیس‌و ئاسایش بدەنە دەست ئەو ئەفسەرو پۆلیسانەی کە خۆیان مەشقیان پیکردوون. لەم نیوەدا ململانی کەوتوەتە نیوان ئەفسەری مەلبەندی پۆلیسی حکومەتی هەریم‌و ئەو ئەفسەرانەی تر کە لای ئەمەریکیەکان مەشقیان پیکراوە، لە ئەنجامدا ئەمەریکییەکان رۆژی (10/5) چوار دەوری ئاسایش‌و دەزگای پۆلیسیان گرتووەو چەکیان کردوون‌و گوشاریان خستوەتە سەر سەرجەم دام‌و دەزگا حکومییەکان کە ئاڵای کوردستان داگرن.

## بەرەی تورکمانی میلیشیای چەکدار دروست دەکات

**پ. هەولێر:** سەرچاوەیەکی تایبەت بە (هاوڵاتی) ڕاگەیاند بەپێی بڕیارێك بەرەی تورکمانی دەستی کردووە بە پێکهێنانی میلیشیای چەکداری بەمەبەستی جێبەجێ کردنی سیاسەتی بەرەو داکۆکی کردن لە تورکمانەکان‌و پەیڕەو کردنی سیاسەتی فراوانخوازی.

لەم بوارەدا ژمارەیەك گەنجی تورکمانی شارۆچکەی تەلەعفەر بە مەبەستی مەشق پێکردن بۆ ماوەی سێ هەفتە ڕەوانەی تورکیا کراون.


### لەم ژمارەیەدا

چاوپێکەوتن لەگەڵ:
قایمقامی ئاکرێ.. ل3
------------
ریپۆرتاژ:
بۆ ئێوارە شیعرییەکەی شێرکۆ ساز نەکرا؟.. ل5
------------
حاکم قوباد:
بڕیارمدا سەیارەیەکی علوج بکرم!! ..ل6
------------
ریپۆرتاژ:
ئەو جلانەی بەرت مەمنوعە.. ل7
------------
ناسری ڕەزازی:
ئەنسارولئیسلام لەبەرگی مۆسیقادا..ل8
------------
ڕێبین هەردی:
کێشەی کەرکوك‌و چەند سەرنجێك .. ل9

# منو تیکەڵاوکردنم بە فایلەکان (با راستیەکان لە خەڵك چەواشە نەکرێن)

مستەفا چاوڕەش

ئەوەتەی رژێمی فاشی عێراق روخاوە، مقۆمقۆی فایلو فایلی مەسئولو کادیرو پێشمەرگە، کەوتۆتە ناو خەڵكو خەڵکیش، ناهەقی نییە، لە بەرامبەر هەندێك لەو ناوانەی ناویان لە فایلەکاندا دێت، حەپەساوەو کاردانەوەی ویژدانی توندیان هەیە. یەکێك لەو کەسانە منم. خەڵك لای سەیرە (مستەفا چاوڕەش) ناوی لە لیستی فایلەکاندا بێ. تەنانەت هەست دەکەم بەچاوی رێزی جارانیش، لەلایەن ئەو خەڵکانەی بەوردی ئاگاداری راستیەکان نین، سەیر ناکرێم. ئەمەشم پێ خۆشەو پێشم ناخۆشە. پێم خۆشە، چونکە ئەو خەڵکە چاوەڕێی خیانەتیان لە خەڵکی وەکو من نەکردووە، کە بەدرێژایی مێژووی ئەم شۆڕشە، باوەڕیان پێمان بووە، بۆیە، ئێستا کە باسی فایلمان دێتە ئاراوە، رقیان لێمان هەڵدەستێ. پێشم ناخۆشە بەشێك لەو خەڵکانە، پێش ئەوەی دوائەنجامی لێکۆڵینەوەو دوا بڕیار لەسەر فایلەکان دەربچێ، بەو شێوەیەی حوکمیان لە ویژدانی خۆیاندا لەسەرداوم.

ئەوەتەی باسی فایلەکانیش کەوتۆتە ئاراوە، من دەمەوێ رونکردنەوەیەك بنووسم، بەڵام هاوڕێو دۆستە دڵسۆزەکانم رێیان لێگرتم. ناچار زوخاوی ئەو مقۆمقۆیانەم تەحەمول کرد. بەڵام وا دیارە کێشەی فایلەکان لەوە دەرچووە بە هێمنی، راستیو ناڕاستی دەربکەوێ. بۆیە ئیتر بڕیارمدا، هەڵوێستی خۆم رونبکەمەوەو دواحوکمیش بۆ ویژدانی دڵسۆزانەی گەلەکەم دەهێڵمەوە. هەروا، دڵنیام بەڕێز (مام جەلال)و مەکتەبی سیاسیو هەڤاڵانی بە ئەمەکی رێکخستنەکەشم، هەڵەکەی من کە کردوومەو ئێستا بەڕاشکاوی باسی دەکەم، ناخەنە ریزی فایلە زەردەکانەوە.

### راستی روداوەکە

مانگی (7)ی ساڵی (1987) (نەهاوەند)ی هاوسەرمو (زریان)ی یەکساڵەی کورە تاقانەی ئەوسام گیرابون. ئەمەش کاریگەریی دەرونی زۆری لەسەرم هەبوو، بەتایبەتی بەدڵنیاییەوە ئاگاداربووم لە ئەمندا، لەبەرچاوی دایکیەوە، جگەرەیان لەسەر پێی زریانی کورم کوژاندبوەوە. ئەم گرتنو هەواڵە، بووە ئازاری هەستو سۆزم. بەتایبەتی لە بنەماڵەکەمدا ئەوە تەنها کەسی گیراوم نەبوو، پێشتر دایکم گیرابوو، خالیدی خالۆزامو کاوە، کە ناردبومنەوە بۆ کارێکی عەسکەری گرنگ، ئەمانیش گیرابوون. هەر ئەو ماوەیە برایەکی خالیدیش شەهید بوبوو. دوای گرتنی نەهاوەندیش، کامەرانی ژنبرامو حەسەنی ئامۆزای شەهیدبوون. لە مفاوەزاتەکەی (1984ـــ1985)یش بە مینی ئەو خائینانەی لەناومبردبون، ماجیدی کوڕی پورم، لە گردی سەیوان هەردوو قاچی پەڕیبوو. ئەم روداوە دڵتەزێنانە، منیان خستە حاڵەتێکی دەروونی نالەبارەوەو شەڕیش لەنێوان یەکێتیو رژێمدا، تازە هەڵگیرسابوەبوە، بۆیە تەواو نائومێدبوبوم لە بەردانی خێزانو کەسوکارم. ئەم بارە دەرونیە هانیدام فێڵێك لە دوژمن بکەم، بەڵکو بتوانم خێزانو منداڵەکەم ئازاد بکەم. ئیتر لێرە، سۆزی دەروون بەسەر ئەقڵو مەنتیق زاڵبوو. منی (مستەفا چاوڕەش)ی زیاتر لە بیست ساڵ پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێو زیاتر لە سی ساڵیش سیاسەت، کەچی سۆز منی تەسلیمی چارەنوسی منداڵەکانم کرد. ئەمەش، بۆ مێژوو دەیڵێم، هەڵەیەکی گەورەیە. بەتایبەتی بۆ مەسئوول. زۆرم بیر لێکردەوە کە چۆن فێڵ لە دوژمن بکەم. بیرم وا ساغ کردەوە کە (هەمزە ئاغا) باشترین کەسە، چونکە پیاوێکی چاك بوو، بەینیشی لەگەڵ شۆڕشدا، هەبوو. پەیوەندیم پێوەکردو داوای کرد نامەیەك بنووسم، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، کاریگەری سۆزنامەکەی هەر پێی نووسیم. بێگومان بۆ ئەوەی فێڵەکەم سەربگرێ، نامەکەم نەرم نووسیو گفتم دا کە ئەگەر منداڵەکانم بەربدەن، هاوکاریان دەکەم. دوای ئەوە دوو نامەی تر لە نێوانماندا هاتوچۆی کرد، لە نامەکانی مندا، بچوکترین زانیاری لەسەر یەکێتیو شۆڕشو رێکخستنو نهێنییەکان، دوورو نزیك، نەبوەو نییە. تەنها لە خۆمەوە باسی شەڕی (ئێران ــ عێراق)م بۆ کردوون. بەبێ ئەوەی ئەو کاتە ئاگام لە هیچ نهێنییەکی ئەوکاتە هەبێ لەسەر شەڕەکە. ئیتر من لە دوژمن بە فێڵو دوژمنیش لە من بەفێڵ بوو، سەرەنجام، من خەڵەتامو فێڵی دوژمن سەری گرت. نەك خێزانو منداڵو کەسم بەرنەبوو، بەڵکو دوای ئەوە، بگرە دوای ئەوەی دوژمن دڵنیابون دەمەوێ فێڵیان لێبکەم، لەرێگەی خائینێکەوە ژاریان خستە خواردنمانو دایکمو بێستونی مەلا عومەرو کچێکی مەلا موحەڕەمی مەرگەو پێشمەرگەیەك شەهید بوون، هەشت کەسیشمان لە مەرگی حەتمی گەڕاینەوە، لەوانە بەڕێزان (د. مەحمود عوسمانو عەدنان موفتیو دکتۆر شوانو سامی شۆڕشو تریفەی خوشکەزامو ئاوات مەحمودو خۆم) ئەمەش سەرەنجامی ئەوە بوو کە من سۆزی منداڵەکانم بەسەر ئەقڵو مەسئولیەتدا زاڵکرد. دەرکەوت دوژمن بەفێڵتر بوو. فێڵەکەی منیش، کە هەڵەیەك بوو هەرگیز نەدەبوو بیکەم، نەك ئەو قوربانیانەی لێکەوتەوە، بەڵکو ئێستاش بۆم دەخرێتە ناو فایلی خائینانەوە!!.

### ئاوڕێکی پێشمەرگانە

رەنگە هاوڕێکانم باشم بناسن کەوا، هەرگیز باسی خۆمو ئەو رووداوانەی رۆڵم تیا گێڕاون، نەکردووە. پێم وابووە تێکۆشان ئەرکەو هەق نییە منەت بەسەر کەسەوە بەهۆی تێکۆشانەوە بکرێ. بەڵام بۆ یەکەمین جار هیوادارم دواجاریش بێ، هەق بە خۆم دەدەم سەرگوزشتەیەکی ژیانی تێکۆشانو پێشمەرگایەتی خۆم باسبکەم، هەتا خەڵکی بزانێ ئایا دەشێ پێشمەرگەیەکی ئاوا فایلی خیانەتی هەبێ؟!.. من.. ساڵی (1946) لەدایکبووم. ساڵی (1960) چوومە ریزی قوتابیانی شیوعیەکانەوەو بەڵاوێتی چەپێکی بزێوی سلێمانی بووم. ساڵی (1965) ریزی شۆڕشی ئەیلولو لە هێزەکەی حیزبی شیوعیدا، بووم بە پێشمەرگە. لە دەیان شەڕدا بەشداریم کردووە، یەکێك لەوانە شەڕی (هەندرێن)ی بەناوبانگە کە تیایدا برینداربوومو بیستنی گوێیەکم لەدەستدا. لە جیابوونەوەکەی حیزبی شیوعی (قیادەی مەرکەزی)دا، چوومە ریزیانەوە. لە رێکخستنو مەفرەزەی نهێنی بەغدا کارم دەکردو خۆمو شەهید ئەکرەمی حەپسەی پورزام، جۆرەها چالاکیمان ئەنجامداوە. بە لەناوبردنی چەندین بەعسیشەوە. (1973) وازم لە شیوعی هێناو بووم بە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوم. دوای هەرەسیش، لە دامەزراندنی (ی.ن.ك)وە، لە هۆڵەندا چوومەتە ریزیەوە. (1977)یش، بڕیاری رێکخستنم جێبەجێ کردو گەڕامەوە ناو شۆڕشی نوێ. لەوساوە، لە پێشمەرگایەتیەوە، بۆ ئامر مەفرەزەو ئامر کەرتو ئامر هەرێمو ئەندامی مەکتەبی عەسکەریو سەرکردایەتی، درێژەم بە خەبات داوە.

دوای شەهیدبوونی (سیروان تاڵەبانی) بە چەندین کەس گوترا بچێتە شوێنەکەی، نەچوون، بێ دوو دڵی چوومو خەڵكو پێشمەرگە دەزانێ چیمان لەوێ کردووە.

ساڵی 1978 خۆفرۆشێك ئەزیەتی کەسوکاری گیراوی پێشمەرگەی لە زینداندا زۆر دەدا، خۆم هاتمە ناو شارو، بە سزای گەلم گەیاند. لەدوای کارەساتی هەکاری، لەگەڵ هەڤاڵان مەلا بەختیارو بەکری حاجی سەفەر، لەسەرانسەری ناوچەکانی سلێمانی، باری شکستەکەمان راستکردەوە. کەم شەڕی سەختی سەرکردایەتیو هەرێمەکانی سلێمانیو شوێنانی تر هەیە، بەشداریم تیا نەکردبێ. سەرکەوتنەکان با بۆ مێژوو جێ بێڵم. باوەڕ ناکەم بۆ تاقە جارێکیش لە ئەرکێك، یان بڕیارێك خۆم دزیبێتەوە. هەمیشەش، لە هەرێمێك بووبم بە هانای شەڕی هەرێمەکانی ترەوە چووم.

ئێستا.. دوای ئەو هەموو تێکۆشانو پێشمەرگایەتیو سەدان شەڕو لەناوبردنی دەیان جاشو خۆفرۆش، دوای ئەوەی لەسەر خەباتو بەرەنگاری، برام بە ناپاڵم سوتاو خاڵۆزاو کەسوکارم شەهیدو کەمئەندام بوون، دوای ئەوەی خێزانو کەسەکانم بە زیندانیکردن داوەو مەینەتیەکی زۆرم دیوە، دوای ئەوەی لەسەر (ی.ن.ك) دەیان دوژمنم بۆ پەیدابوونو هەمیشە دەبێ ئاگام لە خۆمو منداڵەکانیشم بێ، تۆ بڵێی لە پاداشتی ئەو هەموو قوربانیو رەنجە، ئەو هەموو بەگژاچونەی دوژمنان، گەلەکەمو دڵسۆزانو هەڤاڵەکانم، لەسەر هەڵەیەك (کە نەدەبوو بیکەم) مێژووم بسووتێننو بمخەنە ریزی خائینانەوە:

ــ ئەگەر جاسوسێتیم کردبێو نهێنی شۆڕشو رێکخستنم فرۆشتبێ، لەو دوو نامەیە زیاتر هیچ جۆرە پەیوەندییەکم کردبێ، هەقە ئیعدام بکرێم.

ــ ئەگەر دوژمن مەعاشی بۆ بڕیومەتەوەو لە فلسێکەوە بۆ هەزاران دینارو دۆلارم، وەرگرتبێ، هەقە لەناوم بەرن.

ــ ئەگەر کەسێك بەدەستو قەڵەمی من، شەهید بوبێو یان گیرابێ، کوشتنم حەڵاڵە.

ــ ئەگەر پێش کێشەی هەوڵی فێڵکردنم لە دوژمنو دوای ئەوەش، لە راپەڕاندنی ئەرکەکانی شۆڕشو لە چالاکی پێشمەرگانەو لە کوشتنی خائینان، کەمترین کەمتەرخەمیم کردبێ، جێی خۆیەتی گومانی زۆرم لێبکرێ.

ــ ئەگەر لەو (26) ساڵەدا (1977ـــ2003) رۆژێ لە رۆژان، ویستبێتم وازبێنم، یان دووربکەومەوە لە کوردستان، یان سڵم لە دوژمن کردبێتەوە، هەقی خۆیەتی توندترین سزا بدرێم.

ــ لەو رۆژەوەی یەکێتیشم، بۆ رۆژێکیش وازم لە یەکێتی هێنابێ، یان لەگەڵ دوژمنێکی ناوخۆی کەوتبم، پێویستە تۆڵەم لێبکرێتەوە.

ئاخر کە من ئەوەبم کە هەم. (هەڵەیەك با گەورەش بێ) هەڵەیەو کردومە، تۆ بڵێی سەرکردایەتی یەکێتیو جەماوەری دڵسۆزی گەلەکەم، بمکەنە هاوتای فایلدارەکانو مێژووی خۆمو شەهیدەکانمو کەسوکاریشم بسووتێنن؟

ئەمە سەرگوزشتەی رووداوەکەیەو ئێوەش ئەی خەڵکی کوردستان، خۆتان حوکمی خۆتانو ویژدانی خۆتان بدەن.

من باوەڕ ناکەم. یەکێتی، کە سەرقافڵەی کاروانێك شەهیدانە، بڕیاری لەو جۆرە بدا. لە ئێستاشەوە یەکەمین کەسم ئامادەم بچمە بەردەم ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیە کە مەکتەبی سیاسی بەڕێز بڕیاری لێداوە. هەر حوکمێکیشیان دا، ملم لە موو باریکترە.

لەگەڵ رێزم..

---

## قائیمقامی ئاکرێ:
# من لەگەڵ تاك حیزبی دامو رەفزی فرە حیزبی دەکەم

**شاری ئاکرێ شارێکی زۆر جوانو دڵ ڕفێنەو خاوەنی چەندین شوێنی گەشتو گوزارییەو یەکێکە لەشار هەرە کۆنەکانی کوردستانو چەندین شوێنەواری کۆنو جوانی مێژوویی لێیە. خەڵکی ئەم شارە مێوان دۆستێکی بەرچاونو زۆر ڕێز لەمیوانی دەرەوەی شار دەگرن.**

**لەهەمانکاتیشدا زۆ پابەندن بەعورفو تەقالیدی عەشائیری ئەم شارە لەساڵی 1970 نەکەوتە نێو سنوری حوکمی زاتیو پاش راپەڕینیش بەهۆی ئەوەی گوندەکانی راگوێز نەکرابوون نەکەوتە بەر رەحمەتی بەرنامەکانی ئاوەدان کردنەوەو پرۆژەکانی بڕیاری 986 هەر بەزیان مەندی مایەوەو لەزۆر بواری خزمەت گوزاری بێ بەش کرا, بەڵام هەندێك پرۆژەی جیاجیا لەم شارەدا ئەنجام درا.**

سنوری قەزای ئاکرێ (1800) کیلۆمەترەو دانیشتوانەکەی کەلەناوەندی قەزاو پێنج ناحیەو (450) گوند پێکهاتوە (165) هەزار کەسە. لەم شارە سێ عەشیرەتی گەورەی وەك زێباریو هەرکیو سورچی هەیە وێرای عەشیرەتی گۆران, هەر ناحیەیەك لەم دەڤەرە لەسەر بنەمای عەشیرەت بنیاتنراوە بۆ ئاشنا بوون بەرەوشی ژیانی هاوڵاتیان لەم دەڤەرە چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ بەڕێز (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا) قائیمقامی ئاکرێ ئەنجام داو ئاوا وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

**هاوڵاتی/ سیستەمی عەشیرەتگەری لەم دەڤەرە زۆر بەرچاوە ئایا ئەم جۆرە سیستەمە بۆتە کۆسپ لەبەردەمتاندا؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** ئەو عەشایەر گەرییەی لێرە هەیە رەنگە لەهیچ شوێنێکی کوردستان نەمابێت. بەڵام لەراستی دا نەك بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی هیچ کۆسپێك دروست ناکەن بەڵکو زۆریش هاوکارمان بوون. بەراستی زۆر ئیحترامی دەزگای حکومی دەگرن. ئێستا پۆلیسێك بەدوای هەرکەسێك بنێرین لەشوێنو عەشیرەتێك بێت ئەوە دەیهێنێت بەبێ هیچ گرفتێك لەزۆر شوێن دەبێ چەندین ئاسایش بنێردرێت تاکو کەسێك دەسگیر دەکەن بەڵام لێرە بەئاگاداریەك دێنوئیلتیزام دەکەن, بەڵام لەبارەی عەشیرەت لەئاستی یەکتر بابەتێکی دیکەیەو توندن, نابێ ئەوەش لەیاد بکەم لێرە تەکییەی شێخی لێیە کەلە شێخەکانی بەرزنجەنو قورساییەکی باشیان هەیە لەنێو خەڵك وتارادەیەکی باشیش دەورێکی باشیان هەیە لەنێو عەشیرەتەکانو خەڵك بەقسەیان دەکەن.

**هاوڵاتی/ ماوەیەك بەر لەئێستا خەڵکی ئاکرێ لەیاداشتێك داوای نەمانی زیندانی ئاکرێیان کردبوو, ئەم داواکاریە بەکوێ گەیشت؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** ئێمەش پشتگیری ئەم داواکارییەی خەڵکمان کردو حەزمان دەکرد ئەم زیندانە نەمێنێت چونکە شوێنی ئێستای زیندانی ئاکرێ لەسەر شەقامی سەرەکییەو قەرەباڵغی زۆر دروست دەکات, وێرای ئەوەی بینایەکی گەورەیەو دەکرێت بۆ زۆر دەزگای دیکەی حکومیو خزمەت گوزاری سوودی لێوەرگرین بۆ نموونە بۆ بینایەی پەیمانگایەك ئەویش پاش نۆژەن کردنەوە کەپێم وایە هەر واشی لێدێت. بۆیە ئێمەش داوای نەمانی ئەم زیندانەمان کردووە چونکە ئێستاش ژمارەیەکی زۆر کەمی بەندی تێدایە کە کۆمەڵێك (قاتل و موجریم)نو دەکرێت لەشوێنێکی بچوکتر جێگایان بکەنەوەو سوود لەو بینایە وەربگیرێت.

**هاوڵاتی/ لاوانی ئاکرێ گازندەی ئەوەیان هەیە کەبینایەك نیە بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی سەربەخۆی لاوان, ئێوە چی دەڵێن؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** ئەو پرۆژانەی لەئاکرێ کراون لەئاست خواستو ویستی ئێمەو خەڵکدانیە. لەلایەکی دیکەش مەجالی گەورە بوونی شاری ئاکرێ کەمە چونکە لای رۆژهەڵاتی ئاکرێ هەمووی شاخەو ناتوانین کاری تێدا بکەین لەلایەکی تر لێرە بینایە کەمەو ئیشکالاتمان هەیە.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە بەهانەیەك بێت بۆ دروست نەکردنی بینایەك بۆ سەنتەرێکی سەربەخۆ بۆ لاوان. بەڵکو دەبوایە بکرابایە بەڵام لەگەڵ برادەران لەوەزارەتەکان قسەکراوەو مژدەیان داوە کە کێشەکانی ئاکرێ چارەسەر دەکرێت. بەڵام ئێستاش لاوان بێ جێگاو شوێن نین. لەهەمانکاتیشدا داوامان کردووە کە گۆرەپانێکی سەردەمیانەو بەرفراوانمان بۆ دروست بکەنو خراوەتە بەرنامە. بەراستی گەنجان مافی خۆیانە گازندە بکەن. بەڵام هۆکارە سیاسیەکانی عێراق بەگشتی رێگربووە لەبەردەم کۆمەڵێك پرۆژە.

**هاوڵاتی / بەڵام لاوان هۆکاری دروست نەکردنی بینایە بۆ سەنتەرێکی لاوانی سەربەخۆ بەشتێکی سیاسیو حیزبی دەزانن؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** زۆر بەپێچەوانەوە بڕواتان هەبێت تەنیا کێشەی نەبوونی سەنتەری گەنجان لێرە باڵادەستەو تەنیا پارتی لێیە بەڵام لە کۆڕو کۆبونەوەکانی ئێرە بەرپرسەکانی پارتی هەردەم باس لەوە دەکەن کە حەز دەکەن خەڵکانی تر و لایەنەکانی دیکەی سیاسی لێرە هەبێت و رێگرنین لەبەردەم ئەو جۆرە بەرنامانە.

**هاوڵاتی/ دیاردەی تەزکیەی حیزبی بۆ دامەزراندن بەشێوەیەکی زەق لەئاکرێ بەرچاوە ئەویش گازندەی کۆمەڵێك خەڵکی دیکەی ئاکرێیە جەنابت لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** ساڵێکە دامەزراندن راگیراوە بەڵام سەبارەت بەتەزکیە بەڵێ راستە ئێمە داوامان کردووە ئەو کەسانەی داوای دامەزراندن دەکەن تەزکیەی حیزبی بهێنن ئەوەش بەبێ هۆنییە, بۆ نموونە: خەڵکی ئێرە زۆربەیان پێشمەرگەی پارتین واتە دامەزراون. حیمایەن واتە دامەزراون یاخود لە دائیرەیەکن داوا دەکەن لە دائیرەیەکی دیکەش ناونوس بکرێن کە خۆی پێچەوانەی بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە وەنابێ کەس لە دوو شوێن ناونووس بکرێتو دوو مەعاشی هەبێت. چونکە حزب لەرێگای رێکخراو ناوچەکانی خۆیان باشتر خەڵك دەناسنو دەزانن لە شوێنێکی دیکە ناوی هەیە یان نا بۆیە داوای تەزکییەی حیزبیان لێدەکەین, واتا تەنیا بە مەبەستی ناسینەو بەس.

**هاوڵاتی/ لەشاری ئاکرێ تەنیا یەك حزب هەیەو چالاکی سیاسیو رێکخستن دەکات ئایا هیچ لایەنێکی دیکە داوای نەکردووە لە ئاکرێ بارەگا بکاتەوە؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** من لەگەڵ فرە حزبیدا نیم بەڵکو حەز بەتاك حزبی دەکەم ئەم قسەیەش کە دەیکەم برادەران رەخنەم لێدەگرن, بەڵام سەیر دەکەم ئێمەی کورد نەمانتوانیوە سود لەفرە حزبی وەرگرین بەڵکو رێژەیەکی زۆرمان زیانمان لەدیاردەی فرە حزبی بینیوە. خەڵکی ئێرە سوودیان لەو تاك حزبیە وەرگرتووە, چونکە پارتیش لێرە نفوسی زۆرە زاڵە لەلایەنەکانی دیکە, بەڵام لێرەش خەڵك هەیە یەکێتی خۆش دەوێت یا شیوعی خۆش دەوێت کەبارەگاشیان نییە هۆیەکەی ئەوەیە بەخۆیان نەهاتوون و داوای کردنەوەی بارەگا بکەن, وبەدڵنیایەوە لێرە پارتی رێگرنیە.

**هاوڵاتی/ واتە جەنابت رەفزی فرە حزبی دەکەیت وپشتگیری تاك حزبی دەکەیت؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** بەڵێ ـ چونکە زۆر بەداخەوە خەڵکی ئێمە نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی بتوانێت قەبوڵی ئەو هەموو بیرە جیاوازە بکات بۆیە کە تەئیدی تاك حزبی دەکەم بۆ بەرژەوەندی خەڵك تەئیدی دەکەم.

**هاوڵاتی/ بەڵام تاك حزبی دیکتاتۆری لێ دەکەوێتەوەو رێگرە لەبەردەم هەموو دەنگەکانی دیکەو مەجال بەرەخنە گرتن نادات بەتایبەتی لە کارەسلبیەکانی ئیداری وسیاسیو کۆمەڵایەتی ئەوکاتی تاك و کۆ لەژێر سیاسەتی تاك حزبی دەتاوێنەوە؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** بڕوا ناکەم. چونکە ئەوکات راستەیەك حزبە, بەڵام سەرچاوەی پێوەندی لەدەرەوە زیاترە. بۆ نموونە من ناتوانم کارێکی گرنگ بەهەوەسی خۆم ئەنجام نەدەم. چونکە خەڵکیان لەسەرەوەی من هەیە. دواجار ئەمە شتێکە خەڵکی ئێرە خۆی هەڵیبژاردەو سوودیان لێبینیوە, بۆ نمونە ئەو پرۆژانەی لێرە ئەنجام دراوە لە کوردستان دەگمەنە.

**هاوڵاتی/ کارەبای ئاکرێ زۆر لاوازەو کێشەی بۆ هاوڵاتیان دروست کردوە؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** کارەبای ئاکرێ گرفتێکی زۆر بۆ دروست کردووین تۆ باسی کارەبا دەکەیت بەڵام سەد جانبی دیکەی لێدەبێتەوە. ئەگەر کارەبای ئاکرێ باش بێت پێویستمان بەسوتەمەنی نیە کەبووەتە کێشەیەك لەسەر شانی ئێمە. کارەبای ئاکرێ لەقەرەقوشەوە دێت کەسەر بەقەزای حەمدانییەو مەودایەکی زۆر دوورو درێژە. ڤۆڵتەکەی بەخۆی لاوازە تادەگاتە ئێرە لاواز تریش دەبێت ئەوە کەسانی فەنی باشتر دەزانن. لەلایەکی دیکە تۆری کارەبای ئاکرێ تەمەنی (35) ساڵە مەحەتەکەش کەونە. هەموو هێزی ئەو مەحەتەیەش (15) میگاواتە کەکاتی خۆی بۆ (2) هەزار کەس دروستکراوە کە لەگەڵ ئێستادا بەراورد ناکرێت. خەڵکیش رەچاوی ئەوە ناکەنو مساعدەی سەرف کردنی کارەبا ناکەن ئێستاش خەریکین هێڵی (15) میگاواتی تەحویلی سەر مەحەتەی تازە دەکەین کە (32) میگاواتە هێشتا چارەسەری کێشەکە ناکات. بۆیە لەگەڵ بەڕێز بریکاری وەزارەتی پیشەسازیو ووزە دانیشتین داوامان کرد کەکارەبای ناحیەی بجیلو دینارتە بخەینەسەر هێڵی کارەبای ناحیەی هەریر ئەگەر ئەمکارە ئەنجام بدرێت رەنگە کێشەی کارەبامان نەمێنێت.



شێخ جەعفەر شێخ مستەفا

**هاوڵاتی/ قەزای ئاکرێ هێشتا ئەنتەرنێتی بەخۆیەوە نەبینیوە بەرنامەتان چییە کە ئەنتەرنێتیش بێتە ئاکرێ؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** لەراستی دا دەبوایە ئێمە پێش هەموو شوێنێك بکەوتینایە. چونکە هەموو بوارەکانی پێویست لێرە رەخساوەو ئەگەر ئەو بارە نائاساییە لەعێراق نەهاتبایە پێش ئەوە بێ گومان تا ئێستا ئەنتەرنێت هاتبووە ئاکرێ بەڵام بەدڵنیایەوە کاری بۆ کراوە.

**هاوڵاتی/ خەڵکی ئێرە بەگشتی باسی بێ کاریو نەرەخساندنی هەلی کارکردن لەلایەن ئێوەوە دەکەن لەم بارەیەوە جەنابت چی دەڵێیت؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** خۆی بێکاری هەموو عێراقی گرتووەتە. بەڵام راستە ئاکرێ مەجالی کارکردنی زۆر کەمە, بڕوات هەبێ فەقیری وای لێیە بڕواناکەیت.

کاتی خۆی خەڵکی هەژارم زۆر لەشاری هەڵەبجە بینیوە بەڵام خەڵکی ئێرە زۆر هەژارو دەست کورتنو خەڵکی دەوڵەمەندیان زۆر کەمە, بۆیە ئێمە داوامان کردووە کەلەم دەڤەرە پرۆژەی گرنگو درێژ خایەن ئەنجام بدرێت کە خەڵك کاری تێدا بکات, بۆ نموونە داوای کارگەیەکی (قوتو بەندی و کارگەیەکی البانو درومانو سایلۆ)و چەند کارگەیەکی دی کەمان کردووە ئەمانە هەندێك کەس لەبێکاری رزگار دەکات بەڵام کافی نیە.

**هاوڵاتی/ لەکۆتایی هەفتەنامەی هاوڵاتی چۆن دەبینی؟**

**قائیمقامی ئاکرێ/** رۆژنامەیەکی زۆر باشە و بوونی گرنگە, رەنگە زۆر کەس نەتوانێت شتی وا کەلە هاوڵاتی بڵاو دەکرێتەوە قەبوڵ بکات. بەڵام ئەگەر هەوڵ بدرێت لەرووی هەواڵەکان زیاتر دڵنیابن باشترەو دەرگا واڵایە هەرکاتێك دێن.

ئا/ ئیسماعیل ئیبراهیم خدر

---

# کورتەی هەواڵ

## ئاسایشی کەلار شەش کەس دەستگیر دەکات

**پ. هاوڵاتی:** مەفرەزەیەکی ئاسایشی کەلار شەوی 10/2 بە تۆمەتی هەوڵی کوشتنی هاوڵاتییەكو رفاندنی ئۆتۆمبێلەکەی شەش کەسیان دەستگیر کرد. ئەم شەش کەسە بەتۆمەتی ئەوە گیراون کە شەوی 9/25 لە نزیك لیواکەی کەلار تەقەیان لە هاوڵاتی (کارزان کەریم ئەحمەد) کردووەو ئۆتۆمبێلەکەیان رفاندووە، دواتر ئۆتۆمبێلەکە لە گوندی (ساڵح ئاغا)ی نزیك خانەقین دۆزراوەتەوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (هاوڵاتی) راگەیاند هەموو ئەو ئامێرانەی کارەکەی پێ ئەنجامدراوە وەك دەمانچەو قەمە گیراونو تۆمەتبارەکانیش دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوەو رۆژانە خەڵك سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمار دەکەن.

سەرچاوەکە لەدرێژەی قسەکانیدا وتی تۆمەتباران پێشینەی تاوانکاریان هەیە.

## فەرمانبەرانی یەکگرتوو لە هەڵەبجە هەڵبژاردن رەت دەکەنەوە

**پ. هاوڵاتی:** لە رونکردنەوەیەکدا کە بەناوی دەستەیەك لە فەرمانبەرانی یەکگرتووی ئیسلامی لە هەڵەبجەی شەهید لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا بڵاوکراوەتەوە دەستەکە بێ ئاگایی خۆیان لەو هەڵبژاردنە رادەگەیەنن کە رۆژی (9/18) بۆ فەرمانبەران لە هەڵەبجەدا کراوە، لە رونکردنەوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەڵبژاردنەکە نایاساییەو ژمارەو لیستی بەشداربووانی نادیارەو لایەنی سەرپەرشتیاریشی نەناسراو بووەو لەناکاو ئەنجامدراوە.

## مین هاوڵاتییەك دەکوژێت

**پ. شارەزوور:** هاوڵاتییەك بەناوی (وەهبی سدیق) کە تەمەنی (40)ساڵەو خەڵکی گوندی (تاوێرە)ی سنوری هەڵەبجەی شەهیدە رۆژی (9/30) لەناو باخەکەیدا مین پێیدا تەقییەوەو گیانی لەدەستدا.

## ئۆتۆمبێلە علوجەکان لە شارەزوور حیجز دەکرێن

**پ. هەڵەبجەی تازە:** بەپێی بڕیارێکی دادگای لێکۆڵینەوەی شارەزوورو بە هاوکاری لەگەڵ قایمقامییەتی قەزای شارەزوورو پۆلیس رۆژی (10/6) بڕیاردرا هەموو ئۆتۆمبێلە علوجەکانی سنوری قەزای شارەزوور بەپێی مادەی (22)ی هاتوچۆ حیجز بکرێنو لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ خاوەنەکانیاندا بکرێت. جێگای ئاماژەکردنە ئەم بڕیارە پاش بەرزبوونەوەی رێژەی سەرپێچی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانەیە لە دەڤەرەکەدا.

## سووتانی سێ ژن

**پەیامنێرەکانی هاوڵاتی:** ئافرەتێکی تەمەن 30ساڵەی خەڵکی گەڕەکی تەیراوە لەشاری هەولێر رۆژی (9/25) خۆی سووتاندو لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدا لە گەڕەکی (ئاری)یش ئافرەتێکی تری تەمەن (30)ساڵ رۆژی (9/29) بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە خۆی سووتاندو لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدا.

لەلایەکی ترەوە لە گەڕەکی بەختیاری شاری سلێمانی ژنێکی تەمەن (33)ساڵ رۆژی (10/3) سووتا، بەهۆی زۆری رێژەی سووتاوییەکەیەوە دواتر گیانی لەدەست دا.

## ئۆتۆمبێل دوو منداڵ دەکوژێت

**پ. هاوڵاتی:** لە گەڕەکی (خەبات)ی شاری سلێمانی رۆژی (10/6) ئۆتۆمبێلێکی جۆری سوپەر منداڵێکی تەمەن (5)ساڵەی بەناوی (کوێستان فازل)وە کوشتوووەو شوفێرەکەی بەرەو جێگایەکی نادیار هەڵهاتووە.

لەسەر رێگای سەید سادق ــ هەڵەبجەی شەهید رۆژی (10/1) ئۆتۆمبێل منداڵێکی تەمەن یەك ساڵەی شێلاو دواتر گیانی لەدەست دا.

## گیان لەدەستدانی دوو هاوڵاتی

**پ. هاوڵاتی:** بەهۆی شێڵانییەوە لەلایەن ئۆتۆمبێلێکی جۆری لۆری هاوڵاتی (جەمال مەحمود) کە تەمەنی (33) ساڵەو خەڵکی گەڕەکی کارێزە ووشکە گیانی لەدەستدا.

لە شارۆچکەی (زەرایەن) ئۆتۆمبێلێکی سەر بە رێکخراوی (DW)ی ئەڵمانی هاوڵاتییەکی بەناوی (حاجی عەلی) کرد بە ژێرەوەو شەوی (10/5) گیانی لەدەست دا.

## مین رانێك ئاژەڵ لەناو دەبات

**پ. هاوڵاتی:** لە گوندی (مۆرتکە)ی ناوچەی تاوگۆزی بەهۆی کەوتنە ناو کێڵگەی مینەوە زیاتر لە (60)سەر ئاژەڵی گوندەکە پارچە پارچە بوونو زیانی زۆر بە گوندەکە گەشت.

